# مردن لە دەرگا دەدا

وەرگێڕانی بەدەستكاریەوە

ئەندازیار باوكی ئاسیا

پێداچونەوەی

مامۆستا علی خان

چاپی دووەم　　　　　١٤٣٧ كۆچی

==========================================


لە بڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان

ba8.org

walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی مامۆستا علی خان

## کتێبەکەم خوێندەوە

والحمـد لله رب العـالمین زۆر بەسـود بوو،هەسـتم نـەدەکرد کتێبێکی وەرگێڕدراو دەخوێنمەوە ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر لەماڵ بوو نەمپەرژا تەماشای بکەم بەڵام هەرکە هەندێکیم خوێنـدەوە سـەرنجی ڕاکێـشام و ناچاری کـردم هـەمووی بخوێنمەوە،ئـەو شوێنانەشـی ئامـاژەم پێکـردوە بـا چـاك بکرێـت،خودای میهرەبـان بەرەکەتـداری بکـاو پاداشـتی خێری هەمولایەك بداتەوە .

والحمد لله رب العالمین

**علی خان**

# پێشەكی

# لەگەڵ كێمە !!

وتەكانم  لەگەڵ كەسانێك دەست پێدەكەم كە سستی ئەنوێنن لەكردنی نوێژ، دانی زەكات بە زیان دادەنێن، وازیان لە قورئان خوێندن هێناوە، درۆیان كردۆتە پیشەی خۆیان،دایك و باوكیان پشتگوێ خستووە، لـە دین دووركەوتونەتەوە، لەدەریای گوناھ و تاوان نقوم بوون. شەوان بـە گـوێگرتن لــە موسـيقا و تەماشـای فـيلم و بێئاگـايی ئەخـەون و بەيانيانیش هەر بەم حاڵەوە بەخەبەر دێنەوە، نوێژی بـەيانيان ئەبێتـە قوربـانی زيندووكردنــەوە و كۆبوونــەوەی شــەوان، وتــەكانم لەگــەڵ كەسانێكی نقووم بووە كەناوی ياريزانــەكانی جيهـان و ڕۆژی لــەدايك بوونيان لەبەركردووە و ئەوان باش ئەناسن و لە ژيانی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەكانی بێئاگان.

لەگەڵ كەسانێكی بێئاگامە كە خـەم وخەفـەتيان تـەنيا بـۆ دونيـای هيچە، قسەكانم بۆ كەسانێكی بيدعە چييە كە ئيسلام لەوان بێـزارەو ئەوانيش لە ئيسلامەوە دوورن، قسەكانم بۆ كەسانێكە كـە بەدەسـتی خۆيـان هاوڕێكانيـان بـەخاك ئەسـپێرن و خۆيـان لــە گـۆڕ و مــەرگ

بێئاگان، لەگەڵ پیاوان و ئافرەتانێکمە کە جلوبەرگی جوان و گرانبەها ئەپۆشن و بێئاگان لە جلوبەرگی ناو گۆڕ.

بەڵێ، لەگەڵ کەسانێك کە بۆ ژیانی دونیا توێشوو کۆئەکەنەوە و لەتوێشووی ئاخیرەت بێئاگان، لەتووڕەیی بەندەکان ئەترسن و لە تووڕەبوونی خودای زاڵ و بەتوانا بێئاگان، بە گۆڕ و سزای گۆڕ ، بە قیامەت و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە، بە حیساب و تەرازوو، باوەڕ و ئیمانیان هەیە بەڵام هەوڵنادەن بۆ ئەو ڕۆژە.

## هەواڵ

ئایا بیستووته؟؟ کاك....... تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووه.......

نا !!!!

بەداخەوە کۆچی دوایی کردووە .... ﴿ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴾

بیرکردنـــەوە و پرســـیاری زۆر ئێمـــە ئـــەجوڵێنیّ و ئێمـــە بـــەئاگا ئەهێنێتەوە......

هاوڕێکەم هەفتەی پێشوو، نا، هەر دوێنیّ لەگەڵ من بوو، سەلامەت و تەندروست، ئێستا لە کوێیە؟

بیرم کردەوە بیرکردنەوەیەکی قووڵ لەو چرکە ساتانەی کە دەخرێمە ناو گۆڕەوە،لەتاریکی و بێدەنگی ئەو ساتە، لەترسناکی تەنیایی، لـەوەی کە هـیچ هـاودەم وهـاوڕازو ڕەفیقێـك بـوونی نابێـت، لـە پرسـیاری نەکیرومونکەر، ئایا ئەتوانم وەڵام بدەمەوە؟ لەقەبر کەدەبێتە چـاڵێك لە دۆزەخ یان پارچەیەك لە بەهەشت، لە خانووە جوانەکەم کە ئـەبێت جێی بهێڵم، لەخێزانێك کە لەبیرم ئەکەن و ژیـانی خۆیـان درێـژە پـێ ئەدەن بەبێ من، لە نەوەکانم کە سامان و پارەکەم چـۆن و لـەکوێ سـەرف ئەکەن.

بەڵێ! لەو هاوڕێ ئازیزانەم کەلەبەرخاتری ئـەوان وازم لـە پەرستـشی خودا هێنا، ماڵ و کاتی بەنرخی خۆمم بە دڵخۆشـی و گاڵتــەو گـەپ وخواردن بەسەربرد.

دوای من چی ئەکەن ئایا هەموو ڕۆژێك یادی مــن ئەکـەن و منیــان لەبیرە، بۆم ئەگرین، یان گاڵتەم پێئەکەن. بیرمکردەوە لەو مەنسەب و مەقام و کورسیەم کە جێی ئەهێڵم و ئەیدەم بەکەسانی تر، بە ماڵ و ناوبانگێك کە لـەم کورسـیە بەدەسـتم هێنـاو سـوودم لـێ نـەبینی. بەمنداڵەکانم کە ئەمگرتنە باوەشـی خۆمــەوە و لەئـەمڕۆوە باوەشـی منیــان بــۆ ناکرێتــەوە، و پێکەنینــەکانیان نابیــستمەوە و خۆشــی و یارییەکانی ئەوان نابینمەوە.

بیرم کردەوە لەو کات و هەلانەی کەبەسادەیی بەفیڕۆم داو سوودم لــێ نەبینین بۆ ئەمڕۆ، بەو هەلە ئاڵتونیانە، کە دەبوو نوێژم کردبا، ڕۆژووم گرتبا، وە بەو نەوانەی کەدەبوو زانستم فێرکردبان بەڵام فێرم نــەکردن، بەحەقێك کە ونم کرد و بەو کۆبونەوانەی کە غـەیبەتی تێدا دەکراو بەو قسانەی خۆم کەنەدەبوو بیکەم، بەو هەتیوانەی کە دەبوو هاوکـاریم کردبان، بەڵام نەمکرد، بەو موسوڵمانانەی کـە دەبـوو کێـشەکانیان

چارەکەم بەڵام  گوێم پێنەدا، بەخێزان و کچەکانم کە دەبوو حیجاب و ئیسلامم فێرکردبان و نەمکرد.

بەڵێ منداڵەکانم، جگەر گۆشەکانم، یا باشتر بڵێم دوژمنی ماڵ و سەروەتەکەم کە لەدوای من هەمووی تالآن ئەکەن و یەك دیناری بۆ شادی ڕۆحی باوکیان ناکەنە خێر ، لەوەیە چەند جنێویێکیشم بۆ بنێرن کە بۆچی سامانی زیاترم بۆ کۆنەکردونەتەوە، نازانم ئیتر بیر لەچی بکەمەوە، لە کارانێك کە ئەمتوانی ئەنجامی بدەم بەڵام ئەنجامم نەدا.

بەماڵ و سامانێك کە بە سوێندی درۆ، هەڵخەڵەتاندن و کڵاوات کۆمکردەوە، چەن موسیبەت و موشکیلەی زۆرم تەحەمل کرد لەپێناو کۆکردنەوەی ئەو ماڵ و سامانەدا، چەند سەرماو گەرمام تەحەمول کرد، ئێستا ئەوان بێ هیچ ڕەنج و هیلاکیەك ئەبنە خاوەنی ئەو ماڵ و سامانە، خۆزگە ئەکرا ئەوانیشیان لەگەڵ من دفن کردبا، بەهەموو ئەو ساڵانەی کەڕۆشتوون، خوولەکانێك کە ئیتر لەبەردەستم نین، بەو گەنجی و هێزەی کەهەم بوو، بە مووە ڕەش و دەموچاوە سافە درەخشاوەکەی گەنجیم، کە فریوی ئەم شتانەم خواردو واگومانم ئەبرد کەکاتی گەنجێتی، مردن نایەتە خزمەتم.

شریتی ژیانم لەپێش چاوم بوو، هەموو کردەوەکانی خۆمم ئەبینی لـەم بیرکردنەوانە بووم لـەناکاو داچـڵەکام، بەخەبـەرهاتم، بەخۆشـحاڵیەوە سوپاسی خودام کردوو گووتم، هێشتا زیندووم و کاتم هەیە تـا بـۆلای خودا بگەڕێمەوە، تۆبە بکەم لەوشتانەی ڕابردووم و ئاراسـتەی ژیـانی خـۆم بگـۆڕم بەشـێوەیەك کەلەبیرکردنـەوەکانی پێـشووم پەشـیمانی نەچێژم.

## به دڵنیاییەوە ئەو ڕۆژە دێت

بەڵێ ئـەو ڕۆژە دێـت کەپـەردەی غـەیب لـەپێش چـاوانت لائەبـەن، فریشتەی مەرگ (ملك الموت) به هەیبەتەوە بـۆ کێـشانی ڕۆحـی تـۆ دادەبەزێ، بەڵێ بیر لەو ساتە بکـەوە کەچۆن پێڵـوی چـاوەکانت بـۆ هەمیشەیی لەسەریەك دابنرێن وە لاشەو جەستەی بێ جووڵـەو وشـك بووی (جامدی) تۆ بۆ شوێنی مردوو شۆران ببەن ئـەو ڕۆژە تـۆ هـیچ توانات بەسەر لاشەی خۆتدا نابێت، کەسانی تر ئەتشۆن.

ئەو ڕۆژە دێت که کفنت لەبەرکەن و جلی فەخرو فیز و جوانیت لەبـەر داکەنن و بتخەنە ناو چاڵێکی تەنگ و تاریـك کـە لـەناو گۆڕدایـە، ڕاستی لەو ڕۆژەدا کارەبا و ڕۆشنایی لەبیربکە، هـەتا درز و بۆشـاییە بچوکەکانیش بە خشت و قوڕ ئەگرن و ئەبەستن، هاوڕێ و بـراو هـەتا هاوسەری ئازیزت کـە لەهـەموو کاتـە سـەختەکاندا لەگەڵتـدا بـووە بەجێت ئەهێڵێ بەتەنیا، تەنانـەت لـە گـۆڕ وجەسـتەکەت ئەترسـێت ،دوای ئەوەی چاڵی قەبرەکە پڕ کرایەوە بە خۆڵ هەمووان ئەڵێن خـودا لێی خۆش بێت و تەنها خۆت ئەمێنیتەوە لەناو گۆڕەکە، بەتەنیا خۆت و کردەوەکانت، خۆت و نەکیرو مونکەر، تەنها خۆتی و خۆت.

دوای ئەوە، چەند ڕۆژێك پرسە،هەتا لەکاتی پرسەکەتدا کە بۆ ڕۆحی ڕۆشتووی تۆیە باس لە خراپەکاریەکانت و دابەش کردنی ماڵەکەت دەکرێ، دوای ئەمە تۆ لەبیر ئەکەن، بەڵام تۆ ئێستا بەحاڵ و کردەوەوەی خۆتەوە گرفتاری، لێرە ئاگری سوتێنەر ئەبینی یان کۆمەڵە باخێکی سەوز و دڵگیر، ئەگەر خراپەکاربی لێرەدا بانگکەرێك، بەتۆ ئەڵێت خۆت وات لەخۆت کردو ئەمەت بەدەستی خۆت چاند، و ئەگەر باش و چاك بیت خۆشگوزەرانی. بەڕاست، لەو ڕۆژەدا چ وەڵامێکی خودا ئەدەیتەوە کە دەربارەی تەمەنت بپرسێ؟ دەربارەی زمانت کە شایەتیت لەسەر ئەدات؟

دەربارەی کردەوە ڕەش و پیس و خراپەکانت کەبۆ ڕیسوایی تۆ پیشان ئەدرێن؟

دەربارەی ئەندامەکانت کە دەست ئەخەنە ناو دەست یەك بۆ شایەتیدان لەسەرت و لەناو بردنتت؟

بەڵێ ئەو ڕۆژە دێت، مەرگ دێت و چارەسەر و دەرمانی پزیشك دەربازت ناکا، و هاوار و گریانی دۆستان و ماڵەوەتیش هیچ دەورێکی نابێت. هەستە لەخەو، کە خانو و ڤێلا، پارەو واسیتە،

ڕێگر نابن له گەیشتنی مەرگ پێت، لەوەیە بەیانیەکی دی بوونی نەبێت، کێ نالێت پێش تەواوکردنی ئەم کتێبە نامریت؟ بگەڕێوە بولای کاری چاکه و گوێڕایەڵی خودا،قورئان نوور و ڕۆشنایی گۆڕە و نوێژیش ڕێگەی کامەرانی و خۆشگوزەرانییە، ببەخشە به هەژارەکان چونکه لەخەزێنەی دوارۆژدا چاکەت بۆ ئەنوسرێ و هەڵ ئەگیرێ، ڕکاتێك نوێژی وەرگیراو بۆ کامەرانی ئاخیرەتت بەسە.

ئەتەوێت چەنێك بژیت؟ حەفتا ساڵ؟ هەشتا ساڵ؟ نەوەد ساڵ؟ سەد ساڵ؟ دووسەد ساڵ؟ هەزار ساڵ؟ دوای ئەوە چی؟ دوای ئەوە مردن و نەمان و دفن کردن، دوای ئەوە...قیامەت.

وەکو چۆن فریشتەی مردن (ملك الموت) هاتووەتە خزمەتی کەسانی تر بەهەمان شێوە دێتە خزمەتی تۆش، چونکه ژیان چەنێك بەردەوام بێت هەر بەمردن کۆتایی دێت، هەمووی ئەمرێت، چاکەکاران و خراپەکاران، لەخوا ترسان و گوناهکاران، پاڵەوانەکان و لاوازەکان ، ترسنۆکەکان و بوێرو نەترسەکان، ئەوانەی دونیایان خوشدەوێ و ئەانەی دوارۆژیان خۆشەوی، هیمەت بەرزو بێ هیمەتەکان، هەمووی دەمرێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ﴿٢٦﴾ ﴾ الرحمن: ٢٦

واتە:هەرچی بەسەر پشتی زەویەوەیە، هەرهەموی لەناو دەچیَ.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ﴾ آل عمران: ١٨٥

واتە:هەموو کەسێك بێ جیاوازی تامی مردن دەچێژێ.

ئەی بێئاگا، کەواتە سەیرکە چۆن هەمووان بۆلای ئەو ئەگەڕێنەوە و تۆ بێئاگای، پێش تۆ کەسانێك ئەم ڕێگەیەی تۆیان گرتۆتەبەر،

تۆ ئاسا بە خۆبەزلزانی ،بەڕاست خۆبەگەورە زانین بەرامبەر بە کێ؟بەرامبەر پەروەردگارت؟ بەرامبەر ئەوەی کە تۆی لە نەبوونەوە دروست کرد؟ بە نوێژێك کە نایخوێنی وەکاتێك ئەیخوێنی بەستی و لەکاتی خۆی لایداوە؟ بەکردەوەکانت کە هەمووی ڕیایە؟ بە ڕۆژوویەك کە پارشێوەکەی بە حەرام و بەربانگەکەشی بە غەیبەتە؟ بەو خوشەویستیەی کە بۆ پێغەمبەر پیشانی ئەدەیت و کردەوە بە سونەتەکانی ناکەی؟ بە دوعا و پاڕانەوەیەك کە بە زمان ئەیڵێی ، بەڵام ناگاتە دڵت؟

بەڕاستی بەرانبەرەکەت گەورە و بە دەسەڵاتە.

## لەناوبەری خۆشیەکان (هادم اللذات)

ئەمە هەمان ئەو ساتەیە کەچەندەها جار زانایان قسەیان لەبارەیەوە کردووە، هەمان ئەو ساتەی کە قورئان باسی لە دڵنیای ڕوودانی ئەکرد

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِۗ ﴾ آل عمران: ١٨٥

واتە:هەموو کەسێك بێ جیاوازی تامی مردن دەچێژێ.

مردن واتە کۆتایی هەموو خۆشی و لەزەتەکان، کۆتایی هەموو ڕەنج و موصیبەتەکان، کۆتایی هەموو ئومێدەکان.

وای دانێ کە فریشتەی مەرگ (ملك الموت) ڕۆحی تۆی کێشاوەو تۆ لە جەنازەیەك زیاتر هیچ نیت، تۆیان شوشتووەو خەڵك و خزمان و ماڵ و منالێ لەسەرت ئەگرین، تۆش گریانی ئەوان ئەبینی و ئەبیستی بەڵام توانای قسە و جوڵەت نییە و دوای چەند کاژێرێکی دی بەرەو گۆڕستانت ئەبەن، ئەو شوێنەی کە ڕقت لێی بوو وە لێی ڕاتدەکرد، بەڵام قەبر چاوەڕێی تۆیە و ئەو چاڵەیان تەنیا بۆ تۆ هەڵکەندووە، یەکەمین شتێك کە ئەکەوێتەوە بیرت لەو کاتەیا تەنیایی و بێ هاودەم بوونە، ئیتر هیچ هاوڕێیەك نیە لەگەڵ تۆدا قسە بکات و تۆ لەگەڵی

گاڵته بکەیت و پێبکەنی، له تەنیشتت دابنیشێ و لەتەنیای دەرت بێنێ، وه بەڕاستی تەنیایی سەختە وه خراپتر لەوەش ئەوەیە ، هەمیشەیی بێت.

بەڵێ : ئەکرێ و ئەتوانین ئەم موسیبەتانەی پێشوو ئاسان بکەین، بەشێوەیەك که لەناو گۆڕدا هەست بەتەنیای نەکەین و لەپرسیاری فریشتەکان و تاریکی و سزای ناوگۆڕ لەئەمیندا بین، ئەوەش کاتێك دەکرێ که لەگەڵ خۆماندا بینا و سەروەت ببەینه ناو گۆڕ بەو پێیەی که باشترین و باڵاترین سەروەت و دارایی ئیمانه و باشترین هاوڕاز و هاودەم بوونی یەقین و دڵنیاییه به ڕەحمی خودا دوای مردن.

ئەمڕۆ ئەتوانی هەر کارێك بتەوێ ئەنجامی بدەی، هەر تاوانێك بتەوێ بیکەی، هەر ماڵێك که بتەوێ داگیری بکەیت و کەس ڕێگر نەبێت و کەس لێت نەپرسێتەوە، فەرمانی کوشتنی هەر مرۆڤێکی بێتاوان دەرکەیت و کەسیش لێت نەپرسێتەوە، ماڵی هەتیو و موحتاج به ناحەق بخۆیت و کەس نەوێرێ بەرامبەرت قسه بکات، هەر تاوانێك بکەیت و کەس حەقت لێنەسێنێتەوە بەڵام مردن کۆتایی هەموو تواناکانه.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَجَآءَتۡ سَكۡرَةُ ٱلۡمَوۡتِ بِٱلۡحَقِّۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنۡهُ تَحِيدُ ﴿١٩﴾ وَنُفِخَ
فِي ٱلصُّورِۚ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡوَعِيدِ ﴿٢٠﴾ وَجَآءَتۡ كُلُّ نَفۡسٖ مَّعَهَا سَآئِقٞ وَشَهِيدٞ ﴿٢١﴾ لَّقَدۡ
كُنتَ فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا فَكَشَفۡنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلۡيَوۡمَ حَدِيدٞ ﴿٢٢﴾ ﴾ ق

واتە: وا بێهۆشی و سەختی و بورانەوەی مرۆڤی گیانەڵا پێش هات، ئەوجا پێت ئەوترێت: ئەمە ئەوەیە کەکاتی خۆی خۆتت لێ لادەداو نەتدەویست دوچاری بیت، ئایا ڕاست نیە؟(١٩) پاشان فوو ئەکرێ بە (صور) دا بۆ زیندوبونەوەی خەڵك،ئەو نەفخە کاتی هاتنی ئەو هەڕەشەو بەڵێنانەیە کەکاتی خۆی خودا لە بێ بڕواکانی ئەکرد(٢٠) لەو ڕۆژەدا هەرکەسێك کەبۆ مەحشەر دێت دوو فریشتەی لەگەڵدا ئەبێت، یەکێکیان پێش خۆی داوەو ئەیگەیەنێتە مەحشەر، ئەوی تریان شایەتی ئەدا لەسەری بەکردەوەکانی (٢١) بە یەکە یەکەی بێباوەڕان ئەڵێن: بێگومان تۆ لە دونیادا لەمە بێئاگاو غافڵ بویت، پێت وانەبو هەرگیز ئەم ڕۆژە دێت، جا ئەوە ئێستا پەردەی غەفڵەتمان لەسەرت لادا،وە ئەمڕۆ بینایی چاوت تیژەو ئەوەی جاران نەتدەبینی ئێستا ئەیبینی(٢٢)

## ئەگەر بلێن بەیانی ئەمریت ، چی ئەکەیت؟

ئەگەر سەروەت و خانووەکانی یەك شارت پێببەخشن ئایا خۆشحاڵ ئەبیت؟

ئەگەر بتکەن بە حاکمی ئەم مەملەکەتە قبوولّی ئەکەیت؟

ئەگەر باشترین ساتەکان و خۆشترین بەرنامەت پێشکەش بکەن دڵخۆش ئەبیت؟

ئەگەر باشترین خواردن و خواردنەوەت بۆ ئامادە بکەن ئەیخۆی؟

ئەگەر باشترین فیلم و مۆسیقا بێنن گوێی لێ ئەگری؟

ئەگەر باشترین شێوە و ڕوخسارت پێببەخشن لە ئاوێنە سەیری ئەکەی؟

وای دانێ مردوویت، خەڵك و نەوەکانت ئەگرین بۆت.

وای دانێ لە شوێنی مردوو شۆران خەریکن ئەتشۆن.

بیهێنە پیش چاوت سیدر و کافورت پێدا ئەکەن و بۆنخۆشت ئەکەن.

بیهێنە پێش چاوت جلەکانیان لەبەر داکەندوی و کفنێکی سپیان لەبەرکردووی.

بیهێنە پێش چاوت تۆیان کردووەتە ناو تابووتەوە و لە چوارلاوە هەڵگیراوەو بەرەو گۆڕستانت ئەبەن.

بیهێنه پێش چاوت مامۆستا نوێژی مردنت لەسەر ئەخوێنێت و وا لەکۆتا تەکبیرەکانە.

بیهێنه پێش چاوت تۆیان خستۆتە ناو قەبرەوە و بەخشت داتدەپۆشن.

بیهێنه پێش چاوت خۆڵ دەکەن بەسەرتدا.

وای دابنێ ئێستا لەتاریکی قەبردای و تەنیا و بێ کەس ڕاکشاوی.

بیر لەو کاتە بکەوە کە نەکیرومونکەر پرسیارت لێئەکەن

دڵنیابە ڕۆژێك دێت ئەگەیتە ئەوشتانەی سەرەوەو تاقی ئەکەیتەوە هەروەکو چۆن لەپێش تۆ هاوڕێکانت و پادشاکان و بەهێزەکان پێی گەشتن و تاقیان کردەوە، ئێمە هەموو ڕۆژێك لەم ڕۆژە ،حەتمیە نزیك ئەبینەوە، هەنگاوبە هەنگاو، ساڵ بەساڵ، مانگ بەمانگ، هەفتە بەهەفتە،کاتژمێر بە کاتژمێر ، چرکە بە چرکە...و لەکۆتاییدا پێی ئەگەین.

قَالَ تَعَالَى: ﴿ قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ﴾ لجمعة:٨

واتە:

ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ : ئەو مردنەی کە ئێوە لێی ڕادەکەن و ئەترسن پێی بگەن، بێگومان هەر پێتان دەگا.

# یەکەم شەوی ناو گۆڕ

هاوڕێی ئەزیزم: تۆ تەنها دوو ڕۆژ لەژیانتدا بەسەر ئەبەیت و لەدوو ڕۆژ زیاتر نیە، شەوی یەکەم لەگەڵ ماڵەوە و هاوڕێکانت بەپێکەنین وشادی و لەش ساغی بەسەردەبەیت، بەخۆشی و سەرخۆشی بەپێکەنین و قاقا. شەوەکەی تر، یەکەمین شەوی ناو گۆڕ، شەوێك کە بە ترس و دڵەڕاوکێ بەسەری ئەبەیت لەترسی پرسیار و وەڵام ، شەوێك کە تەنیای و نە خێزانت نە منداڵەکانت لەگەڵ نابێت، بەڵێ ئەوە یەکەم شەوی ناوگۆڕە، شەوێك کەپشتی زانایانی ڕەبانی و گەورەکانی چەماندووەتەوە و دڵیانی هێناوەتە لەرزە، شەوێك کەوای لە پەیامبەران و نێردراوانی خودا کردووە کە خەریکی گریان و گەڕانەوە بن بۆلای خودا بەبەردەوامی، شەوێك کە ئەگەر کردەوە چاکەکانیان وەرنەگرتی بەدبەخت ئەبیت، شەوێکە کە داهاتووی هەمیشەیی تۆی تێدا دیاری ئەکرێ، شەوێکە کە بەیانی ئەو شەوە قیامەتە و خۆرهەڵاتنێکی تری بەدواوە نایەت.

**هەر وەكو** (ابْنُ عُمَر (رَضِيَ اللهُ عَنهُما)) **دەفەرمووێ :**

**(إِذَا أَمْسَيْتَ فَلاَ تَنْتَظِرِ الصَّبَاحَ ، وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلاَ تَنْتَظِرِ الْمَسَاءَ ، وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ ، وَمِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ)**

صحيح البخاري رقم : (٦٤١٦) .

واته : ئەگەر ئێوارەت بەسەردا هات ئەوا چاوەڕێی بەیانی مەكە ، وە ئەگەر بەیانیشت بەسەردا هات ئەوا چاوەڕێی ئێوارە مەكە ، وە لە لەش ساغیت بگرەوە بۆ نەخۆشیت ، وە لە ژیانت بۆ مردنت .

## یەكەم شەوی ناو گۆڕ، شەوی ترسان یان شەوی ئاسودەیی

شەوێكە كە ئیتر بانگبێژ بۆ نوێژی بەیانی بـانگ نـادات، ئـیتر و لـە ئەمـڕۆوە هـیچ كـات گوێبیـستی «الصلاة خير من النوم» نابیـت، شەوێك كە بانگبێژی بەیانیەكەی ئیسرافیلە و هەركە بانگی فـەرموو ئێسقانە ڕزیوەكان لە گۆڕەكان بەرز ئەبنەوە (زیندو دەبنـەوە) و بـەڕێ ئەكەون بۆ بەردەم و خزمەتی خودای گەورە.

قَالَ تَعَـالَىٰ: ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَجَمَعۡنَٰهُمۡ جَمۡعٗا ﴿٩٩﴾ ﴾ الكهف: ٩٩

واتە : دوای ئەوە لە نەفخەی دووەمدا فـوو بـە شـەیپوردا ئـەكرێ و هەموو كۆئەكەینەوە بۆ حساب و كیتاب.

بەڵێ نوێژ و ڕۆژوو تەواو بوو، لە ئەمڕۆوە پارشـێو و بـەربانگ كـردن نیە.

# ئایا تا ئێستا قەبرت بینیوە؟

ناوی ئەم شوێنە قەبرە وە هەروەها گۆڕیشی پێدەڵێن.

ئێرە نیشتمان و ماڵی هەموو زاناو نـەزانێك، هــەموو دەوڵەمەنـدو و هەژارێك، هەموو لوتبەرز و لاوازێك، هەموو پادشا و ژێردەستەیەکە.

ئێرە شوێنی پەند وەرگرتن و لەناوبەری خۆشیەکانە.

لێرەدا کۆتایی دێت بەهەموو پێکەنین و قاقاکان، وەکۆتایی دێـت بـە هەموو هاوارو شەڕەکان.

ئێرە شوێنی ئەو مێروو و کرمانەیە کە خواردنیان لاشەی مرۆڤە.

لێرەدا ئاگری دۆزەخ و سزا هەیە.

لێرە بەهەشت و نیعمەتی فراوان هەیە .

ئێرە جێگەی پەند وەرگرتنە و ئامۆژگاریکارێکی بێدەنگە.

ئێرە شوێنی بیرچوونەوە و لەبیرکردنی شتەکانە کە هاوڕێکانت لێرەدا لـەبیر ئەکرێن.

ئێرە ئەوشوێنەیە کە فەرش و کومبارەکەی خوڵە، دانیشتوانەکەی بریتین لە لاشەی مرۆڤەکان و کرمەکان.

لێرەدا کەسانێك پێویستیان بە یـەك ڕکـات نوێـژ و پێویـستیان بـە یـەك کردەوەی خێر هەیە.

ئێرە یان ماڵی ڕێزلێنان یان ماڵ و شوێنی سزایە.

ئێرە کۆتا مەنزڵگەی دونیا و یەکەمین مەنزڵگەی دوارۆژە.

ئێرە کۆتایی و ئاخیری هەموو ئارەزووەکانە.

ئێرە قەبرە، ئەو شوێنەی کە نەفرەتی لێدەکەین و لێی بێئاگاین ، بەڵێ ئێرە گۆڕە.

بەڕاست تا ئێستا قەبرت بینیوە؟ ئایا تا ئێستا هەستت بە تاریکیەکەی کردووە؟ ئایا دەربارەی ترسناکی ناوگۆڕ ئاگاداری و هیچ زانیاریت هەیە؟ ئایا سەرنجت داوە کە چەن تەسك و بچووکە؟ ئایا کرم و مێرووەکانیت بینیوە؟ تائێستا بیرت لە کرم و حەشەراتەکانی ناوگۆڕ کردووەتەوە؟

یادی ئەو ڕۆژە بکەوە کە هەموو ئازیزانت فەرامۆش ئەکەی.

یادی ئەو ڕۆژە بکەوە کەتەرازووی دادپەروەری ئیلاهی دادەنرێت و خۆت و کردەوەکانت بۆ ئەوێ ئەبەن.

بیرکەوە ، بیری ڕۆژێك کە پێت ئەڵێن بەسەر پردی سیرات بپەڕێوە.

یادی ئەو ڕۆژە بکەوە کە بەناوی باوکتەوە بانگدەکرێی بۆ ئەوەی حیساب و لێپرسینەوەت لەگەڵ بکرێ.

یادی ئەو ڕۆژە بکەوە کە ئێسکەکان لێك جیادەبنەوە و دەنگی ترسناکی نۆڕەی دۆزەخ دڵەکان رابچەڵەکێنێت و مووەکان سپی بکات.

یادی ئەو ڕۆژە بکەوە کە بە تۆزاوی و ڕووتی و چاوەکانت ئەبڵەقن وهەڵدەستیتەوە.

یادی ئەو ڕۆژە بکەوە کە کیتابی کردەوەت داخراوە و سەبەبەکان ڕاگیراون وە بەتەنیا خۆت دەمێنیتەوە بەرامبەر پەروەردگارێکی مەزن، جەببار و دەسەڵاتدار.

بیرکەوە لە ڕۆژێك کە بانگ بکرێی و جگە لەتۆ کەس وەڵام ناداتەوە، سەرشۆڕی و لاوازی ئەو ڕۆژە، ترس و دڵەڕاوکێی ئەو ڕۆژە لەبیر مەکە.

یادی ئەو ڕۆژە بکەوە کە دەربارەی تەمەنت پرسیارت لێئەکەن ، ئەگەر خودا پێت بڵێت من ئەم هەموو چاکەم لەگەڵ کردی تۆ چۆن سوپاسی منت کرد، چۆن وەڵام ئەدەیتەوە؟

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ ﴾ الزمر: ٥٤واتە:بگەڕێنەوە بۆلای خوداوەندتان و ملکەچی فەرمانی ئەوبن پێش ئەوەی سزاکەتان بۆ بێ، دواتر لەلایەن هیچ کەسێکەوە یارمەتی نادرێن.

## مەرگ ( مردن )

مرۆڤ لەمردن ڕائەكات كاتێك نەخۆش ئەكەوێت لەترسی ئەوەی نەوەك بمرێت خێرا چارەسەری خۆی ئەكات، شوێنێك كە هەست ئەكات بـۆنی مردنی لێدێ نزیكی نابێتەوە، بـەڵام مـردن لەشـوێنی تـرەوە دێـت و هەرچەن زیرەك بیت مردن لە تۆ زیرەكترە، هەرچـەن مـل ئەسـتوور و پارەدار بیت ئەو ئیشی خۆی ئـەكات، ئـەو هـەرگیز لـەدەرگای هـیچ ماڵێك نادات بۆ ئەوەی مۆڵەتی هاتنە ژوورەوە وەربگرێت، هیچ ڕێگر ودیوارێك ڕێگر نابێت لەهاتنە ژوورەوەی، وە هیچ جێگرەوەو بەدیل و بژاردەی تر قبووڵ ناكات، كەفیلی ناوێ، جیاوازی لـەنێوان بـچووك و گـەورە ناكـات، پـارە و سـامانی مـرۆڤ ڕێگـر نابێـت لەئەنجامـدانی كارەكەی و هیچ بەرتیلێك وەرناگرێت و قبووڵ ناكات، واسیتەی كەس وەرناگرێ و قبووڵ ناكا.

خۆشیەكان لەناو ئەبات و كردەوەی مرۆڤ كۆتا پـێ دێـنێ، بەڕاسـتی مردن حەقە، میوانێكە بێ ئاگاداركردنەوەی خاوەن ماڵ دێتە ژوورەوە، پێكەنینی سەر لێوەكان وشك ئەكاتەوە، قاقاكـان لەقورگـدا بێـدەنگ ئەكا، كورسی و پۆسـتەكان ئـەدات بەكەسـانی دی، ئینـسانەكان لـە

سەروەت و ماڵەکەیان جیا ئەکاتەوە، لاشەکان لە جووڵە ئەوەستێنێ، ملهوورەکان سەرشۆڕ ئەکا، هاوڕێکان جیا ئەکاتەوە، هاوارکەران و بانگکەران بێدەنگ ئەکا، پرۆگرام و بەرنامە ڕێژیەکان هەمووی تێك ئەدا، کۆتایی بە شەڕ و خراپەکاری و زۆربێژی و ستەم ئەهێنێ.

مەرگ ڕاستیەکە من لێی ڕادەکەم،شەربەتێك کە گوناهکاران و گوێرایەڵانی خودا تامیان کردووە، کاسەیەك کە نەبی و پەیامبەران چەشتوویانە، ڕاستییەك کە دوژمنانی خودا و دۆستانی خودا دانیان پێدا ناوەو ملکەچ بونە ، ڕاستییەك کەناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ و حسابی بۆ نەکەیت و لێی رابکەیت.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلۡ إِنَّ ٱلۡمَوۡتَ ٱلَّذِي تَفِرُّونَ مِنۡهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمۡۖ ﴾

الجمعة:٨

واتە: ئەی محمد(صلی الله علیه وسلم) پێیان بڵێ : ئەو مردنەی کە ئێوە لێی ڕادەکەن و ئەترسن پێی بگەن ، بێگومان هەر پێتان دەگا.

بەڵێ، ئەو دێت بۆ بینینت لەهەرشوێنێك بیت، زیندووەکان لەسەر مردووان ئەگرین، ناوی ئینسانەکان لەبیر ئەکرێن، کورسییەکان چۆڵ ئەبن و پۆستەکان ئەگوێزرینەوە بۆ دواتر، هاوڕێکان، دراوسێکان،

خێزان و منداڵەکان بەجێ ئەهێڵێت، دەست و پێ جوڵاوەکان لەجووڵــە ئەوەستن، جلوبەرگە جوان و سەرنج ڕاکێشەکان بێ خاوەن ئەمێننەوە و گەردەلولی مەرگ بەرنامە و ئومێدەکان لەگەڵ خۆی ئەبات و کیتابی کردەوەکان (باش و خراپ) دادەخرێ.

پەردە دەخرێتە لاوە و ڕێگر لادەبرێت، ئایەتەکانی قورئان ڕوودەدەن و دێنەدی، شــیرینی ژیــان تــاڵ ئــەبێت و تــاڵی ژیــان شــیرین ئــەبێت، شەمەندەفەری ژیان ڕادەوەستێت و گەشتی کۆتــایی دێــت و شــوێن و جێگــای تــۆ دیــاری ئــەکرێت و بەڵێنــەکانی خــودا دێنــە دی، ڕوح گوێرایەڵی لاشە ناکات، بەڵێ ئەو ڕۆژە دێت و بە دڵنیایەوە هەر دێت.

ئارەزووەکان لەناو دەچن و نابووت ئەبن ،و بیناکان ئــەڕوخێن و تێــك ئەچن و لاشەکان لەژێر خاك دائــەڕزێن و دەموچــاوەکان و جوانیــەکان تێك ئەچن و لاشە بۆنخۆشەکان ئەگۆڕین بۆ لاشەیەکی گەنیو و ئەبنــە خۆراکی کرم و مێروو.

## له مردووان بپرسن

چیان پێکردن؟ دەموچاوە سەرنج ڕاكێش و نورانیەكەتان چی لێهات؟ كوا لاشە نەرم و جوانەكەتان؟ خۆڵ و مێرووی گۆڕ چیان بەم شتانە كرد؟

ددانە سپی و جوانەكەتان كوا؟ چاوە گەورە و مووە بریقەدار و پڕەكەتان كوا؟ بیرۆكە و سیاسەت و خوێندەواری و پۆستەكەتان چی لێ بەسەرهات؟ بێدەنگی و هاوار، ئەمرو نەهی، زۆربێژی و زوڵم و ستەمی ئێوە كوا؟ درەختی میوەدار و جل و بەرگی نەرم و حەریری ئێوە چی بەسەرهات، بۆی عەتر و بۆنخۆشكەرەكان كە بە خۆتاندا دەكرد كوا؟ جلوبەرگی زستانە و هاوینەی ئێوە ، دەنگی هاوار و قیرەی ئێوە چی لێ بەسەرهات؟ كوا ئەو ڕۆژەی كە ئێوە وەڵامی سەلامی ئینسانی هەژارتان نە ئەدایەوە؟ لەكوێیە سفرە ڕەنگین و ڕازاوەكانتان كە بە ئیشتیها و لەزەتەوە ئەتانخوارد؟ كوان ئەو ژنە جوان و نازكەرانەی كە یارمەتیدەرتان بوون و بەنەرمی و لەسەرخۆ دەست و پایان بۆ ئەشێلان؟ كوان لەكوێن؟ ئۆتۆمبێلە مۆدێل بەرزەكان كە تەنانەت ڕازی نەدەبوون یەك شوختی بچووكیشی پێوە بێت؟ كوان

خزمان، قەوم و عەشیرەتەکەتان کە شانازیتان پێوە ئەکردن؟ کـوان دەستە بەهێز و ئاسنینەکانتان کە ئێسك و ددانی لاواز و بێتواناکانتان پێ ئەشکاند؟ کوان چەك و تفەنگ و مەغزەنە پڕەکانت کە بە ناحـەق لە سەر و لاشەی ئینسانی بێ بەرگری خاڵیتان ئـەکردەوە؟ بـە ڕاست کوا لە کوێیە ئومێد و ئارەزووەکانتان؟ کوا لەکوێیە ......؟!

# دوورگەی ترس

دونیا به هەموو ڕەنگ و ئارایش و جوانیەکەی ڕووی تێکردووین، بەشێوەیەك کە دین و ئاخیرەتی خۆمانمان بە خۆشیەکی کەم و کاتی ئەم دونیا فرۆشتووە، خۆشەویستی دونیامان بەشێوەیەك نۆشیوە بە هەموو بەشەکانی لەشمان و هەموو دەمارەکانماندا ڕۆیشتووە، دڵمان پەیوەست کردووە بە ڕەنگ و بریقە و ئۆتۆمبێلی جوان و بە بینای مەڕمەڕ، وە بەشیرینی و بریقە و جوانی کاڵاکانی دونیا هەڵخەڵەتاین، دڵمان بەست بە خۆشی و لەزەتەکانی ئەم دونیایە، ئومێدمان بە وەعد و پەیمانی دونیا هەبوو، لەگەڵ ئەو مۆسیقایە سەمامان ئەکرد کە دونیا بۆی لێ ئەداین، بەو پارووە حەرامانەی کە ئەمان خوارد خۆمانمان لە بەزەیی و ڕەحمی خوا بێبەشکرد، پێشوازیمان لە گوناهەکان ئەکرد و بەرەو ڕووی ئەچووین، گرنگی زۆرمان بە دوونیا ئەدا، لەپێناو بەدەست هێنانی پۆست و پلەوپایە خوێنی مرۆڤی بێگوناهمان ڕشت و بە خۆشی دونیا هەڵخەڵەتاین، بینا بەرزەکانی دونیا، درەخت و سەوزایی و ڕووبارەکانی دونیا، نەوە و توانا و پۆستی دونیا چاوی دڵمانی کوێرکرد بەشێوەیەك کە جگە لەدوونیا هیچمان

نەئەدی ، ئەم دونیا هەزارەها گـەنج و زاوای لـەخودا دوورخـستەوە، لەناو گوناهەکان نقووم بـوین، شـەیتان هـەڵی خەڵەتانـدین، خـودا و دینەکەیان بەگاڵتەجاڕی وەرگرتبوو، لەپێناو ڕازیکردنـی نەفـسماندا خودامان لەخۆمان تووڕەکرد، لەپێناو ژیانێکی چەند ڕۆژەی ئەم دوونیا ژیانی هەمیشەیی ئاخیرەتی خۆمانمان لەناو برد و فەوتانـد، لـەپێناو خۆشی دوونیا خۆشی هەمیشەیی ئاخیرەتمان لەدەستدا، له پێناو شادی و هاوڕێ و نەوەکانمان خۆمانمان لەشادی دوا ڕۆژ بێبەشکرد،

بەداخەوە، زۆر بەداخەوە،پەشـیمانین لـەو شـتانەی کـەدەبوو لـەدونیا ئەنجامی بدەین و ئەنجاممان نەدا.

## تا کەی بێئاگایی !

ئایا تا ئێستا گوێت لەدەنگی مەرگ هەبووەو قـەبرت دیوە؟دۆسـت و کەس و کارەکانی خۆتت بە دەستی خۆت ناشتووە و مـەرگی ئـەوانت بینیوە، کەچۆن لە کۆشکەکانەوە بۆ گۆڕەکان گوێزرانەوە، لـەڕووناکی ماڵەکانەوە بۆ تاریکی ناو گۆڕەکان، لەباوەشی گەرمی ماڵ و مناڵیان بۆ باوەشی کرم و مێرووەکان ڕۆشتن، لە سەر دۆشەکی نەرمەوە بو سەر خاکی زبری قەبر گوێزرانەوە ، لای ئێـوەوە بـۆلای مـردووان کۆچـیان کرد، ڕۆژێك بچۆ بۆلای گۆڕەکانیان و هاوار بکە و پرسیاریان لێبکـە، دەربارەی سوپا و داراییەکەیان پرسیاریان لێبکـە، دەربـارەی زمانیـان لێیان بپرسە کە قسەیان پێئەکرد، دەربارەی چاویان بپرسە کـە چـێژ و خۆشـیان لێئـەبینی، دەربـارەی هێـز و توانـا، دەربـارەی تـووڕەیی و هاواریان لێیان بپرسە، دەربـارەی زمـانی چـەور و قـسەزانیان لێیـان بپرسە، دەربارەی تەکەبوور و خۆبەزلزانییان بپرس، بە دڵنیاییـەوە بـە ئاه و پەشیمانیەوە ئەڵێن : ئێمـە هەڵـەمان کـرد، زەرەرمـان کـرد و بێئاگا ماینەوە تا مردین.

کەواتە هاوڕێی ئەزیزم ، برای من ، خوشکی من ، کوڕی خۆم ، کچی خۆم! تاکەی لە بێئاگای و دووری لە خوداوە؟ تاکەی گوێڕایەڵی شەیتان و نەفس کردن، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دڵە ڕەقەکانمان بە تەوبە نەرم کەینەوە؟

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلْحَقِّ ﴾ الحديد: ١٦

واتە:ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە بۆ ئەوانەی ئیمانیان هێناوە دڵەکانیان نەرم بێ بۆ یادی خودا، وە بۆ ئەوەی کەلە قورئاندا دابەزیوە.

مردن تەنیا یەکجار دێتە خزمەتت [1]،ماڵ،جوانی، گەنجی، پۆست ڕێگر نابێت لەمردن، سواری شەمەندەفەری تەوبە بە پێش ئەوەی لە وێستگەکە دوور کەوێتەوە.

بەو ڕۆژانەی کە لەتەمەنت ڕۆشتووە و ئەوەشی کە ماوە و خودا پێی داوی فریو مەخۆ، ئەوەشی کە ماوە هەر بەم شێوەیە دەڕوا،بۆیە پەلە بکە نەوەك خەوتبیت و کاتێك بەخەبەر بێیتەوە کە درەنگ بوویێت و

---

[1] (مەبەست ئەوەیە تەنیا جارێك ئەمریت)

کار لەکار ترازابێت، چونکە ئینسان کە مرد داوای گەڕانـەوە لـەخودا ئەکات و گوێی لەم وەڵامە ئەبێت :

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴾
المؤمنون: ١٠٠

واتە: نەخێر ، ئـەوە هـەر قـسەیەو ئـەیکات ، تـارۆژێ کـە زینـدوو ئەکرێنەوە لەمپەرێکی گەورەیان لەپێـشدایە نـاتوانن بگەڕێنـەوە بـۆ دونیا.

کەواتە ئەی هاوڕێی ئازیزم : هەر ئەمڕۆ، نەخێر، هەر ئەم ساتەی ئێستا کە ئەم کتێبە ئەخوێنیتەوە بگەڕێوە، لە دڵەوە بڕیار بدە و سووربە لەسەری و بگەڕێوە بۆلای پەروەردگار، لەو تەمەنەی کە بێسوود بەفیڕۆت داوە تەوبە بکە، تۆبەبکە لەو تاوانانەی پێشووت چونکە زۆرێك لە تۆبە و ئستیغفارەکان (داوای لێخۆشبوونەکان) پێویستیان بەداوای لێبوردن کردن هەیە.

تۆبە و گەڕانەوەی ئێمە لە گەروومان ناچێتە خوارەوە تا بگات بە دڵ، تۆبە ئەکەین کەچی دڵمان پڕ لە کینەیە، تۆبە ئەکەین کەچی بیر لە دونیا ئەکەینەوە، بە زمان تۆبە ئەکەین کەچی دڵمان ئاگای لەم

گەڕانەوە و تۆبەیە نییە.خودا لەگەڵ کەس دوژمنایەتی نییە، هەموو ئەوانەی کە پەرستشی خودا ناکەن و نەخۆشی هێرشی بۆ هێناون وە لەکەمی ڕزقیان تووڕەن و خەم و خەفەت و کێشەکان ئەویان کۆت کردووە، ئەنجامی ئەو تۆوە بووە کە هەر خۆیان ناشتویانە

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٍ ٣٠ ﴾ الشورى: ٣٠

واتە: هەر بەڵایەکتان تووش بوو ئەوە بەهۆی کردەوەی خۆتانەوەیە، لەزۆریك لە گوناهەکانتان ئەبورێ و سزاتان نادا لەسەری.

بەڵێ، کەسی عاقڵ زوو هەست بەشتەکان ئەکات، تێئەگا، حەقی ئەکاتەوە، فریو ناخوات ،نوێژ ئەخوێنێ، ڕۆژوو ئەگرێ، زەکات ئەدا، دەی تۆش ئازا بە، بترسە لەوەی بەم دونیا کەمەی ئێستا مەغرور ببی، ئەگەر ئاخرین کەسی دونیا تۆ بیت مردن هەر دێتە خزمەتت،ئەفسوس و حەسرەت لەو ڕۆژەی کە مردن بگات و تۆبە نەکەی، ئەفسوس بۆ تۆ کە بانگ بکرێی بۆ تەوبە و وەڵام نەدەیتەوە، بە ڕێگەی خودا ئاشنا بیت و تەوبە نەکەی، هیچ عاقڵێك لەبەر خاتری

دونیا دوارِۆژی خۆی وێران ناکات، کەواتە هەر ئێستا بگەڕێوە، خۆڕاگر و بەهێز،بە ئومێد و هیمەتی بەرزەوە، بە یەقینی کاملەوە بۆلای خودای میهرەبان و چاوەڕوانی خۆت بگەڕێوە، دلنیابە کەباشترین کاتەکانی ژیانت کاتی جیابوونەوە و دووریتە لە گوناهەوە، کاتی دوورگرتننتە لە هاوڕێی خراپ، وە باشترین کاتەکانت کاتی سوجدە و ڕکوعە، کاتی دوعا و ئەنجامدانی کاری چاکە و قسەکرنە لەگەڵ برا موسوڵمانەکانت، باشترین کات ئەو کاتەیە کە دوعاکانت قبوڵ کەن، و ناوت لەلیستی پیاوچاکان و سوپاسگوزاران بنوسن. لەلیستی کەسانێك کە چاوی فریوخواردن دابخەن و لەگەڵ محمد (صلی ألله علیه و سلم) و هاوەڵە بەرێزەکان تەوقە دەکەن و دەست لەمل یەك ئەکەن :

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ٦٩ ﴾

النساء: ٦٩

واتە:هەرکەسێك گوێڕایەڵی فەرمانی خوداو پەیامبەر(ﷺ) بێ،دەبێتە هاوڕێی ئەو کەسانەی کە خودا چاکەو نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون لە پەیامبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدانی ڕێگەی خوداو ساڵیحان و چاکەکاران،وە ئەمانەش باشترین هاوڕێن.

لە لیستی کەسانێك کە نیعمەتەکانی بەهەشت، (حورالعین) و ڕووبارەکان و جۆگەکانی هەنگوین و شیر چاوەڕوانیانن، دە کەواتە ئامادەبە، بە عەتری ئیمان خۆت بۆنخۆشبکە، کراسی تەقوا بپۆشە و بە ئاوی تۆبە و پەشیمانی خۆت بشۆ و بە کردەوەی چاك خۆت جوان بکە و پشت بە پشتێنەی تاعەت ببەستە چونکە بینینی پەروەردگار نزیکە.

هەموو چرکەو ساتێك ترسی ئەوەت هەبێ کە پادشای پادشاکان (خودا) داوای تۆ بکات ،جوان و گونجاو نیە کە خۆڵاوی و ڕەنگ پەڕیو لە بەردەم ئەودا ئامادە بیت و بترسە لەوەی کە بەم شێوە و هەیبەتەت ڕازی نەبن و قبووڵت نەکەن، چونکە تۆ لە کاتی میوانی دۆستەکانت بەجل و بەرگی جوانەوە ئامادە ئەبیت بەڵام بەبێ ئامادەکاری بەرەو بارەگای خودا هەنگاو ئەنێی.

ڕێگەکە زۆر مەترسیدار و ترسناکە و شەیتانەکان لە کەمینن، کاتی قیامەت نزیکە و تەرازوو دانراوە و ڕووداوە گەورەکە و زەوی لەرزەی قیامەت نزیکە :

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ﴿١﴾ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ﴿٢﴾ وَقَالَ ٱلْإِنسَـٰنُ مَا لَهَا ﴿٣﴾ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴿٤﴾ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ﴿٥﴾ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا۟ أَعْمَـٰلَهُمْ ﴿٦﴾ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾ الزلزلة:

واتە:

کاتێ کە زەوی تەکاندراو کەوتە لەرزەلەرزو جوڵەجووڵ(١)وە هەرچی باری گران وقورسی هەبوو فرێی دایە دەرەوە(٢)لەو کاتەدا مرۆڤی بێباوەڕ بەسەر سوڕمانێکەوە ئەڵێ:زەوی چیەتی وا دەکات؟(٣)لەوڕۆژەدا زەوی هەواڵەکانی خۆی بەچاك و خراپەوە ڕادەگەیەنێت(٤)ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە پەروەردگارت وەحی و فەرمانی کردوە بەو زەلزەلەیە(٥)لەوڕۆژەدا خەڵکی بە پەرش و بڵاوی

لەگۆڕەکانیان دەردەچن بۆ شوێنی حیساب، بۆ ئەوەی پاداشت و تۆڵەی کاروکردەوەکانیان پیشان بدرێ(٦)هەرکەسێك بەئەندازەی کێشی وردیلەیەك چاکەی ئەنجام دابێ، پاداشتەکەی ئەبینێتەوە(٧)وە هەرکەسێك بەئەندازەی کێشی وردیلەیەك خراپەی ئەنجام دابێ،تۆڵەکەی ئەبینێتەوە(٨) .

ئەم ئایەتە ، هەواڵە لەلایەن پەروەردگارتەوە، تۆ ئـەو ڕۆژە بـۆ کـوێ ڕائەکەی؟ پەنا بۆ کام خزم و ناسیارت ئەبەی وە کام زەویە هەڵئەبژێری بۆ خۆشاردنەوە؟

## ئەی نەفس!

چەن هیلاکم لەدەست تۆ، وات لێکردم لەبەر تۆ تەحەموولی کێشەی زۆر بکەم، لەبەرخاتر هەڵەکانی تۆ ژیانم لەخۆم تەنگ کرد، لەبەرخاتر پۆشین و تێرکردنی سك و خۆشیەکانی تۆ تووشی ڕیباو گوناه و کڵاوات بووم، خەو و ئیسراحەتم واز لێبێنم، حەرام و حەڵاڵ لەبیر بکەم، شەو و ڕۆژم ببێت بە یەك، هەست بە سەرما و گەرما نەکەم.

ئەی نەفس،بەگوناه و وەسوەسە هیلاکت کردم، لە بەزەیی و ڕەحمی خودا بێبەشت کردم، لەبەهەشتی هەمیشەیی و نیعمەتەکانی خودا و لە ڕازیبوونی پەروەردگار دوورت خستمەوە، ئەی نەفس، تاکەی، تاکەی، بیرکردنەوە و تەمەنی ئازیزی خۆم لەپێناو خۆشیەکانی تۆ بەسەر بەرم و لەبەرخاتر تۆ گرفتاری دۆزەخ و سزای خوایی بم، بە گاڵتەو گەپ، کامەرانی ئاخیرەتمت لەناو برد، بویتە هۆی ئەوەی کە لە کۆکردنەوەی توێشووی پێویست بۆ قیامەت جێبمێنم و بە ئاگرێك بسووتێم کە بەرگەی ناگرم، مەگەر جگە لە گۆشت و خوێن من چیم، چەنێك توانام هەیە؟ ئەی نەفس! ئەی ستەمکار! ئەی دوژمنی خودا! بێچارەت کردم، زەلیل و سەرشۆڕت کردم، فێری حەسوودی و قسەی

پووچت کردم، وەسوەسەت بۆ دروستکردم بۆ ئەوەی ئابڕووی برای موسوڵمانم ببەم، وەسوەسەت بو دروست کردم تا گیان لەبرای موسوڵمانم بسێنم و بیکوژم.

ئای، ئەی نەفس ئەگەر تۆ نەبوویتایە هەموو مرۆڤەکان پێکەوە کۆك و تەبا ئەبوون.

ئەگەر داواکاری و گاڵتەو گەپی تۆ نەبوایە، دزی و تاڵانکردن نەدەبوو.

ئەگەر هیوا و و داواکاریە لەڕادەبەدەرەکانی تۆ نەبوایە براکوژی و تاڵان، هەڵخەڵەتاندن و کڵاوات نەدەبوو.

خۆت بە موسوڵمان ئەزانی لەکاتێکدا ئیسلام لەتۆ بێزارە؟ چۆن موسوڵمانێکی کە گوێت لە موسیقا ئەبیت ئەورووژێیت و دڵت پێی ئەکرێتەوە بەڵام کەلام و قسەی پەروەردگار کارت لێناکات و ناتجوولێنی؟! پەند و ئامۆژگاری ئەبیستی و بەئاگا نایەیتەوە، حەق ئەناسی و دوای حەق ناکەوی، قورئانەکەی خودا ئەخوێنیتەوە کەچی دڵت وەکو ئاسنە، نوێژ ئەکەی بەڵام لە داوین پیسی و خراپەکاری ناتگەڕێنێتەوە ؟!

ئۆف، ئەی خۆبەزلزانی مەغروور، لەکاروانی چاکەکاران و بەندە پاك و بۆ خواسوڵحاوەکانی خودا دوورت کردمەوە بەشێوەیەك ڕێگەکەم ون کرد و هیچ نیشانەیەکی ئەو کاروانە نابینم و نادۆزمەوە، لە ڕەحم و بەزەیی خودا بێبەشت کردم بەشێوەیەك هەرچی دوعا ئەکەم، هیچ کاریگەری نییە. دونیات شیرین و خۆشەویست کرد لەلام بەشێوەیەك حەرامەکانی لەسەر زمانم تاڵ نین.

پەشیمانم، کەشوێنی تۆ ژێر پێیەکان بوو وە من حسابم بۆ کردی.تاکەی؟ تاکەی دەبێت من تەحەموولی جەورو ستەمی تۆ بکەم؟ ئەی نەفس تۆبە بکە و بگەڕێوە بۆلای پەروەردگارت.

ئەی فەرمانکەری سەرکەش، واز لە بێفەرمانی بێنە و، هیواو ئاواتی بوون بەخاوەن بینا و سەروەت و دارایی لەبیرکە ، ئەگەر کەسانی تر ناتناسن ئەوا من باشت ئەناسم ، ئەگەر ئەڵێی تۆبەم کردووە، کوا نیشانەی تۆبەو گەڕانەوەت ؟

ئەڵێی پەشیمانم و تۆبەم کردووە، کوانێ فرمێسکی تۆبە و نیشانەی پەشیمانی؟

ئەڵێی منم من، تەنیا منم، لەکاتێکدا کە هیچ نیت، هیچ ڕێز و پێگەیەکت نیە و بەبێ هیچ شتێك خۆت بەگەورە دا ئەنێی و کردەوەکانت لە پێش چاوی خەڵك بە گەورە و گرنگ پیشان ئەدەیت.

هەرگیز تۆم بۆ ڕازی نەکراو و هەگیز تێر نەبووی.

ئەڵێم: تاعەت و خواپەرستی؟ ئەڵێی: بەیانی! ئەڵێم نوێژی بەیانی؟ ئەڵێی: تۆزێك بخەوە، ئەڵێم :خێرو سەدەقە؟ ئەڵێی: نیمە، ئەڵێم: ڕۆژوو؟ ئەڵێی: توانام نییە .

ئەڵێم: جیهاد؟ ئەڵێی: ئەمرم! ئەڵێم: مردن و قەبرمان لەپێشە؟ ئەڵێی: هێشتا کات ماوە! ئەڵێم: تۆبە و گەڕانەوە؟ ئەڵێی: هێشتا زووە، ئای لە تۆ، کەی بێت و فرمێسکی گەڕانەوەو تۆبە بەسەر گۆناتەوە ببینم؟!

## حاڵی نقووم بووان

من دەربارەی نقووم بووانی دەریا و ئاو قسە ناکەم، لەگەڵ کەسانێکمە کە نووقمی دەریای گوناه و سەرپێچین! لەگەڵ کەسانێکمە کە بەسەیرکردنی فیلم و زنجیرە شەوان بەسەر ئەبەن و کاتی نوێژی بەیانی لەخەودان، لەگەڵ کەسانێکمە کە لە مزگەوتەکاندا ڕوومەت و تووێڵیان بە سوجدەبردن و پشتیان بە رکوع بردن هیلاك ئەکەن ، بەڵام لەدەرەوەی مزگەوتەکان هاوکاری شەیتانن، لەگەڵ کەسانێکمە کە ناوی هونەرمەندان، ئەکتەرەکان، سەماکەرەکان و ئافرەتانی گورانیبێژانیان لەبەرە، بەڵام لە ناو و نازناوی ڕابەری مرۆڤایەتی و ژیاننامە و هاوەڵانی و خێزانەکانی بێئاگان!

## ئەی داماوی نقووم بوو لەگوناه، تۆ کێی؟

ئایا ئەزانی تۆ سەرپێچی خودایەك ئەکەیت کە سەرەتا و کۆتاییە، بەهێز و بەتوانایە و هیچ کارێك بەبێ ئیزنی ئەو ڕوونادات، ئەی لاوازی بێتوانا تۆ سەرپێچی خودایەك ئەکەیت کە ئەو پاشای بەتوانا و بەدەسەڵاتە.

ئەی خۆبەزلزانی مەغروور بترسە لەوەی کە خوا قسەکانت ئەبیستێ و شوێنەکەت باش ئەزانێ و شکایەتەکانت ئەبیستێ و ئاگای لە هەموو شتێکی تۆیە :

قَالَ تَعَالَى: ﴿ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٧٧﴾ ﴾ البقرة: ٧٧

واتە:بێگومان هەرچی لەدڵا ئەیشارنەوەو هەرچیش ئاشکرای ئەکەن،خودا ئەیزانێ.

سەیرە کار و کردەوە ناشرینەکانت لە بەندەکان ئەشاریتەوە بەڵام لە خودا کەبەڕێوەبەر و پەروەردگاری بەندەکانە شەرم ناکەی ؟ قسە و چاودێری و بینینی بەندەکان بە گەورە ڕائەگری و چاودێری خودا بە کەم نرخ ئەزانی، بەڕاست ئەگەر ئەو لێت تووڕە بێت لەژێر کام ئاسمان

دائەنیشی، له کام زەوی جێگه و شوێنت ئەبێتەوە، وه لەکوێ ئەمین و پارێزراو ئەبیت؟

مەگەر ئەو نەبوو لەنەبوونەوە دروستی کردی، جلوبەرگت لەبەر نەبوو جلوبەرگی لەبەر کردی، برسی بوویت تێری کردی، تینوو بوویت ئاوی پێدای؟

ئەی چۆن نیعمەتەکانی به پێنەزانین و بێباوەڕی وەڵام ئەدەیتەوە، پاداشت و بەخششەکانی به گوناه و سەرپێچی وەڵام ئەدەیتەوە؟

لەسەر موڵك و زەوی ئەو، لەژێر ئاسمانی ئەو ئەژییت و له کەش و هەوای ئەو و لەسفرەی ئەو ئەخۆیت و ناشوکری و سەرپێچی ئەو ئەکەیت؟

پێئەکەنی، دڵخۆش و سەرقاڵی، به ژیان و گاڵتەوگەپەوە مەشغولی و لەبان سەریشتەوە خودا و پەروەردگارت تووڕە و ناڕازییه؟ ئایا ڕازی ئەبیت له ناو موڵك و ماڵی تۆ پلانگێڕی بکەن و تۆ ئارام بیت؟ بەڵام خۆت لەناو موڵکی خوداکەت خەریکی گوناهیت و بەگوناهەوە مەشغوولێت. گوناه ئەکەیت و ئومێدت به ڕەحمی ئەوە:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٢١﴾ ﴾

واتە: ئاخۆ ئەوانەی کەبڕوایان نیەو تاوانیش ئەنجام ئەدەن پێیان وایە،وەکو ئەوانەیان دا ئەنێین کە بڕوایان هێناوەو کاری چاکە ئەنجام ئەدەن"هەرگیز شتی وانابێ"،وە پێیان وایە ژیان و مردنیان یەکسانە، بەڕاستی ئەو دادوەریەی ئەیکەن خراپە.

ئایا نازانی کە مردن ڕووح کێشانی هەیە، گۆڕ تاریکە، تەرازوو دیقەتی هەیە و حەشریش زۆر ترسناکە و تۆ لەم دونیا لە ئیمتیحان و تاقیکردنەوەی خودادایت، هەموو تاقیکردنەوەیەکیش دەرچوون و کەوتنی تیایە؟ وائەزانی ئەوانەی کە گوناه ناکەن توانای ئەنجامدانی گوناهیان نیە؟ ئەگەر ئەمڕۆ نەگەڕێیتەوە ئەی ئیتر کەی ئەگەڕێیتەوە؟ ئەو ڕۆژەی کە بتەوێ بگەڕێیتەوە و نەتتوانی؟ ئەو ڕۆژەی کە بڵێی :

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَـٰلِمُونَ ﴿١٠٧﴾ ﴾ المؤمنون

واتە: پەروەردگارمان لەم ئاگرە دەرمان بێنەو بمان گێڕەوە بۆ دونیا،ئەگەر ئەمجارەش گەڕاینەوە بە بێ بڕوایی، ئەوا بەڕاستی ئێمە ستەمکارین.

ئەوكات وەڵامەكەت ئەمە ئەبێت :

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَالَ ٱخۡسَـُٔواْ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴿١٠٨﴾ ﴾ المؤمنون

(خوای گەورە لە وەڵامیاندا بە تووڕەییەوە) دەفەرموێت: بێ دەنگ بن و دەمتان داخەن، قسەشم لە گەڵدا مەكەن.

دەمـت داخـە و بێـدەنگ بـە! گەڕانـەوە نییـە. دونیـا زوو و خێـرا دەگوزەرێت، ماڵی دونیا تیائەچێت و نامێنێت، پاداشت وەردەگیرێـت بۆ ئەو كارە باش و حەڵاڵانەی كە ئەنجامـدراوە و سـزاش ئەدرێتـەوە لەسەر ئەو حەرامانەی كە ئەنجامـدراوە، منداڵـەكان گـەورە ئـەبن و گەنجەكانیش پیر ئەبن و ئەمرن.

دونیا زوو یان درەنگ هەر تەواو دەبێت ، بە خۆشی یـان دڵتـەنگی و ناخۆشی، بەگوێڕایەڵی یان سەرپێچی، بەهەژاری بێت یان دەوڵەمەندی هـەر دەگوزەرێـت، دونیـا وەكـو مەمەڕێكـە نـەك مـاڵی مانـەوەی هەتاهەتایی، هەركە كفنیان لەبەر كردی و نامەی كردەوەكانت داخـرا هەموو ئارەزووە دونیایەكانت و سامانەكەت بەجێ ئـەمێنی، هەركـە پێڵوەكانت داخران قەبر پێت ئەڵێت : مـن تاكـە مـاڵی تـاریكی تـۆم

ئەگەر بەخواپەرەستی و ئامادەکاریەوە هاتووی بەخێر بێیت و سڵاوت لێبێ وە ئەگەر بەسەرپێچی و گوناهەوە هاتووی وای بۆ تۆ.

کە بەلای گۆڕدا تێبەڕ ئەبیت گۆڕ بە زمانێکی نەبیستراو ئامۆژگاریت ئەکا بەڵام تۆ نایبیستی، دۆستانت ئەخەیتە سەرشان و لەناو قەبر ئەیانێژیت و فرمێسك بۆ لێجیابوونەوە و دابڕان لییێان ئەڕێژی بەڵام خۆت هیچ پەندی لێ وەرناگری.

بۆ ئەنجامدانی کارەکانت بەیانی زوو لەخەو هەڵدەستی بەڵام بۆ بەئەنجامگەیاندنی فەرزیی خوایی هەڵناسی، لەموراقەبە و چاودێری بەندەکان ئەترسی بەڵام لە موراقەبە و چاودێری خودا هیچ ناترسی،کارە تایبەتیەکانی خۆت بە وردی بە ئەنجام ئەگەیەنی بەڵام هەرکە وەستای بۆ نوێژ خەیاڵت ئەڕوا، شوێن وماڵی دونیات ئاوێنەکاری و ڕەنگاوڕەنگ ئەکەیت و لە چاککردن و جوانکردنی ماڵی دواڕۆژ و قەبرت بێئاگای.

لە دۆزەخ ناترسی، لە بێ ئیمان بوون پێش مردن، لە ئاخیرشەڕی، لەڕۆژێك کە دڵ و زمانت خیانەتت لێبکەن و بتەوێ لە سەرە مەرگدا شایەتومان بڵێی و دووبارەی کەیتەوە و نەتتوانی، لە ڕیبا و گوناه کە دیوارێك دروست بکەن و ببنە دیوارێك لە نێوان تۆ و وشەی یەکتاپەرستی.

## ئامۆژگاری عومەری کوڕی عبدالعزیز و ئامۆژگاری بالۆڵ

ڕۆژێك عومەری کوڕی عبدالعزیز لەگۆڕستان ئەگەڕایەوە ڕووی کردە دۆستەکانی و گووتی : قەبر شتێکی وت ئایا ئەتانەوێت بۆتان بگێڕمەوە؟

ئەوانیش وتیان:بەڵێ، فەرمووی : قەبر وتی کفنەکان شیبوونەوە و لاشەکان پارچەپارچە بوون، خوێنەکان وشك بوونەوە، گۆشتی مرۆڤەکان خوران، مستیلەکان لە دەست و مەچەك جیابوونەوە، مەچەکەکان لەلاق و ساقەکان لە ئانیشك و دەفەی شان جیابوونەوە، بڕبڕەکان شکان، دونیا کەمی ماوە و دەسەڵاتداری ئەم دونیا زەلیل و گەنجەکانی پیر ئەبن و زیندووەکانی ئەمرن، چەندین جەستەی تەندروست و جوڵاو، دەموچاوی گەش و نورانی و زمانانی وتاربێژ ئەمرۆ لە ژێر زەوین، لەژێر سەدەها تەن خاکدا خەوتوون و بۆ ئەو کاتانەی لە دەستیان چووە دەناڵێنن و پەشیمانن.

زۆرێك لەدەوڵەمەندان پێویستیان بەخێرە کەلەدونیا کردبێتیان، لەجیاتی فەرشی ئاوریشم چینێك لە خۆڵ و بەرد ڕاخراوە.

ڕۆژێك هاروونە ڕەشید داوای ئامۆژگاری و نەسیحەتی لە بالول کـرد،

بالول وتی : کوا باوباپیرانت لەکوێن؟ کوا کۆشـکەکانیان لـە کوێیـە؟

لەکوێیە قەبرەکانیان ؟

هاروونە ڕەشید وتی : ئەمە کۆشکەکەی ئەوانە و ئەوەش قەبرەکانیان.

بالول وتی : ئایا ئەم کۆشکانە  هیچ سودێك بەم قەبرانە ئەگەیەنن.

خۆزگە لەجیاتی ئاوەدانی ئەم کۆشکانە، قەبرەکانیان ئاوەدان ئەبوو.

## ئەی دانراوی ناو گۆڕ، وە ئەی مرۆڤی بێئاگا

کە خرایتە ناو گۆڕەوە پێت دەوترێت: ئەی نەوەی ئادەم کوا گوێت کە ببیستیٚ؟ کوا چاوت کە ببینیٚ؟ کوا زمانت کە زمان درێژی بکەی؟ ماڵ و دارایەکەت چی بەسەرهات؟ تۆ دونیات کۆکردەوە یان دونیا تۆی کۆکردەوە؟ تۆ دونیات تەرك کرد یان دونیا تۆی تەرك کرد؟ لەخاك دروست بوویت و گەڕایتەوە بۆ خاك، بەبیٚ گوناه لەدایك بوویت و بە بارێك گوناهەوە مردی، بە لاوازی و بێتوانای و گریانەوە هاتیتە دونیاوە و بە لوتبەرزی و غورووور لە دونیا ڕۆیشتی.

ئای مرۆڤی ئازاد و عاقڵ لەبەر خاتر چ کەسیٚ گۆڕ و سزاکەی لەبیر ئەکەیت؟

لەبەر دۆستان وهاوڕێیانی خراپ و بەد کە گۆڕەکەیان لەوەی تۆ جیایە و بەجێت ئەهێڵن ؟

لەبەر خاتر دووڕووان و زیناکەران، ستەمکاران و ڕیاخۆران، نوێژەکەی خۆت ئەفەوتێنیت!؟

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ ﴿٨٣﴾ وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ ﴿٨٤﴾ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ ﴿٨٥﴾ ﴾ الواقعة

واته:جا بۆچی کاتێ گیانی یەکیکتان گەشتە گەروو(٨٣)ئێوەش سەیری ئەکەن چۆن گیانی دەرئەچێ(٨٤)وە ئێمە نزیکترین لێیەوە لە ئێوە، بەڵام ئێوە فریشتەکان نابینن.

ئەمە مردنە لەناوبەری چێژو خۆشیەکان (هادم اللذات)،جیاکەرەوەی کۆمەڵەکان،هەتیو کەری کچان و کوڕان، ڕۆژی لێکترازان و جیابوونەوە. ڕۆژی هاوار و بێدەنگی، ڕۆژی گریانی ئەوانەی کە ئەگرین و ڕۆژی شادی شادیکەران، ڕۆژی سزا و تۆڵەسەندنەوە، ڕۆژی پاداشت، ڕۆژی حیساب، ڕۆژی سەختترین کاتەکان، نەجات یان تۆڵە، ڕۆژی لەت بوونی جگەرەکان ، ڕۆژی ڕزگاربوون یان گیرۆدە بوون ، ئای چ ڕۆژێکە ڕۆژی مردن؟!

کەواتە تێکۆشـە، چـونکە پرسـەکە مەترسـیدارە و ڕێگاکـە درێـژەو دوژمنەکان زۆرن و دۆستەکان کەمن، ڕۆژێك کە تۆمـاری کردەوەکـان ئەپێچرێتەوە و تەرازوو دادەنرێ و دەست و پێیەکان ئەکەونـە لـەرزە،

ئای چەند بەدبەختە ئەو کەسەی ئەم ڕۆژە فـەرامۆش بکـات و ببێتـە بەندەی ئارەزووەکانی، بەردەوام بێت لە گوناه کردن و بیری بچێت کـە لــە تاقیکردنەوەدایــە و کاتێــك بێتــەوە هــۆش کــە درەنــگ بــووە و عوزرەکان قبولّ ناکرێن و هەلەکان(فرسەتەکان) ناگەڕێنەوە.

## داستانی ماسییە بچکۆلەکە

ئـەڵێن: ڕۆژێـك ماسـییەك ئامۆژگـاری بەچـکەکەی خـۆی ئـەکرد و ئەیگوت : دایکەکەم، هەرگیز لەسەر ڕووی ئاوەکـە و نزیـك کـەناری دەریا مەلە مەکە، چون لەوێدا بونەوەرێك بەناوی ئینـسانەوە هەیـە، ئەوان بەتۆڕ ماسیەکان ڕاو دەکەن و کە بردیانە ماڵەوە زکی ئـەدڕن و خویّ و بەهاراتی پێدا ئەکەن و بەڕۆنی گـەرم سـووری ئەکەنـەوە یـان ئەیکەن بە شیش و لەسەر ئاگر ئەیبرژێنن، ماسیە بـچکۆلەکە گـوێی بەم ئامۆژگاریانە نەدا و خۆی گەیاندە کەناری دەریـا ، چـەن سـاتێك دوای ئەوە خۆی لەتۆڕی ڕاوچیەکان بینیەوە، کـە لـە ئاوەکـە دەریـان هێنا و لەدەریاکە جیابوویەوە بەملاو ئەولادا خۆی فڕیّ ئەدا و هەموو ئامۆژگاریەکانی دایکی بەڕاستی و واقیعی بۆ ڕوون بـووەوە، دڕیـنی سکی، خویّ و بەهارات، ڕۆن و سیخ و ئاگر و برژاندن.

بەڵیّ: بەسەرهاتی ئینـسانیش ڕێـك بـەم شـێوەیەیە، پێغەمبـەران و پیاوچاکان ئینسانەکان لە ڕووداوەکانی دوای مردن ئاگـادار ئەکەنـەوە کەچی ئینسان تۆبە ناکات، بەڵام هەرکە مردن و ڕۆشـتن بـۆ بـەرزەخ

ئەوکات ئەوشتانەی کە پێغەمبەران لە دونیا ئاگاداری ئەکردنەوە لێی بۆیان ڕوون ئەبێتەوە و دڵنیا ئەبنەوە.

هەموو دەستپێکێك کۆتاییەکی هەیەو هەر ژیانێك مردنێکی بەدواوەیە، دەی کەواتە بخوێنەوە و دڵنیابە لەوەی کە ئەمریت و لەناو ماڵ و کۆشکەوە بۆ ناو سکی گۆڕت ئەبەن.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ أَيۡنَمَا تَكُونُواْ يُدۡرِككُّمُ ٱلۡمَوۡتُ وَلَوۡ كُنتُمۡ فِي بُرُوجٖ مُّشَيَّدَةٖۗ ﴾ النساء

واتە: دڵنیابن مردن هەر پێتان ئەگات، ئەگەر لەناو کۆشك و قەڵای سەخت و قایمیشدا بن.

# کۆتایی

## وەرگێڕ: پاش سوپاس و ستایشی خودا ئەڵێم ....

برای من ، خوشکی خۆم ....

با چیتر کاتی خۆمان بەفیڕۆ نەدەین و هەر ئێستا بڕیار بدەین و خۆمان بۆ کاتی مردن ئامادەبکەین و هەر کارێك باشە بۆ دوای مردن ئەو کارانە بکەین .

با چیتر واز لەقسەی خەڵکی بێنین و خودا لەخۆمان ڕازی بکەین ، چونکە هیچ کەسێك نەیتوانیوە هەموو خەڵکی ڕازی بکات تاکو ئێمە بتوانین ڕازیان بکەین.

بەڕێزم :

با چیتر خۆمان هەڵنەخەڵەتێنین و بگەڕێینەوە بۆ باوەشی ئیسلام و ژیانێکی دینداریانە بەسەربەرین، باوەڕبکە ژیانێك کە هەمیشە خودا و مردنت لەبیربێت زۆر خۆشترە لە ژیانێك کە دووربیت لە یادی خوداو مردن.

ئەزیزم :

سەیرێکی داپیر و باپیرت بکە، سەیرێکی دایك و باوکت بکە ! ئێستا تۆزێـــــك بوەســـــتەو واز لەخوێندنـــــەوە بێنـــــەو بـــــیر بکەوە..............بیربکەرەوە لەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان ئەوانیش لـەم تەمەنـەی ئێـستای تـۆدا بـوون و ژیـانی ئاسـایی خۆیانیـان بـەڕێ ئەکرد،بەڵام ئێستا لە کوێن !؟ ڕوومەتێکی ساف و جوان و هێزێکـی وەك و ئێستای تۆیان هەبوو ، کەچی ئێـستا چـۆنن؟ ئێـستا پـشتیان چەماوەتەوەو ڕومـەتیان چرچ و لۆچ بووە ، قژ و پرچیان سپی بووە ، وە بیر بکەوە کە ئایا باوك و دایکی (باپیرت،داپیرت) کوان؟چیان لێهات؟ ڕۆشتن بۆ کوێ؟ ئایا ئەیان توانی نەچن و لەژیان بمێننەوە ؟!

لێت ئەپرسم ئایا تۆش پیر نابی"ئەگەر خودا تەمەن بدا" ؟!

ئایا ڕۆژێك لە رۆژان تۆش ناگەیتە تەمەنی ئەوان و نابیتە دایـك یـان باوك دوای ئەوە داپیر یان باپیر؟ بیرێك لە چەند ساڵێکی پێش ئێستای خۆت بکەوە(١٠ ساڵ یان ١٥ ساڵ یـان....)کـە منـداڵێکی جـوان و قسەخۆش بویت بەڵام ئێستا چی ؟!

بزانه که ژیان و دونیا چـاوەڕێی کـەس ناکـەن و کـاتیش ڕێـدەکات، ئەوەی که ئەگۆڕێت دەم و چـاوەکانه وه سـەرکەوتووترین دەم و جـاو ئەوەیه که خۆی بۆ مردن ئامادە بکات .

هەندێ جاریش شەیتان بەندەکان فریو ئـەدات و پێـی ئـەڵێت : تـازه خۆئامادەکردنی چی بۆ مردن، تۆ گوناهباری و تازه خودا لەتۆ خـۆش نابێ،و تۆ چی و چیت کردوه و لێخۆشبوونی خودا بۆتۆ نیه !

ئەزیزم :

خوداو پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) مژدەیان داوه بەو کەسانەی که گوناهبارن و تەوبه ئەکەن که لێیان خۆش بن،و دەرگای تەوبه کراوەیەو خودای گەوره زۆر دڵخۆشـه بەگەڕانـەوەو تەوبـەی بەندەکـەی، بۆیـه بگەڕێوەو چاکه بکەو ژیانی ئاسایی خۆت بەڕێکه، ئیسلام و دینداری هیچ ڕێگر نیه لەبەردەم ژیانی ئاسایی تۆو ئـەو شـتانەش داوات لـێ ئەکات له سوودو قازانجی خۆته.

**بۆیه برای من :** واز له لەکـەدارکردنی ئـابڕووی خـەڵك بێنـه خـۆت خوشك و دایکت هەیه ، وازبێنه له دووبـەرەکی و شـوێنی سـوننەت بکەوەو وازبێنه لەشوێنکەوتنی شەخس و کەسەکان، بەشـوێنکەوتنی کـەس دەسـت خۆشـی دونیایـت دەسـت ئەکـەوێ و بەشـوێنکەوتنی سوننەت دەستخۆشی ئاخیرەت و سەرفرازی هـەردوو دونیـات دەسـت ئەکەوێت، بەڕاستی ڕێگەی ڕاسـتی ئیـسلامەتی ڕوونـه بـۆ کەسـێك بیـەوێت و بخوێنێتـەوە ، خوشـکی مـن وازبێنـه لـه خۆڕازاندنـەوەی ناشەرعی و برۆ هەڵگرتن و لەبەرکردنی جلـی تەسـك و سـفور،مەڵێ جارێ زووە خوشکەکەم کێ ئەڵێ ئەمێنیت، مەڵێ دڵ حسابه ، چونکه ئەوە ئەمری خودایه، ئاخر پێم ناڵێی بۆ جلێکی شەرعی لەبەر ناکەی؟ ئایا لەبەرکردنی جلی شەرعی ئەوەنه قـورس و ئەسـتەمه ! بـۆ کـێ خۆت ئەڕازێنیتەوە!

ئایا تا ئێستا کەسـێك هـاتوەو دەسـت خۆشـیت لێبکـا! بـەڵام بـه لەبەرکردنی جلی شـەرعی دەسـت خۆشـی خـودا بەدەسـت ئـەهینی! بەڕاستی ڕێگەی ڕاستی ئیـسلامەتی ڕوونـه بـۆ کەسـێك بیـەوێت و بخوێنێتەوە.

## لەكۆتايدا :

داواكارم لە خودای گەورە كە هیدایەتی من و ئێوەش بدات و بمانخاتە سەر ڕێگە ڕاستەكەی خۆی و دینداریمان لەلا خۆشەویست بكات،و ئەو كاتە بمان مرێنیٚ كە خۆی لێمان ڕازیە و لە بەهەشتیشدا لەگەڵ پەیامبەران (علیهم الصلاة و السلام) و هاوەڵان(رضي الله عنهم) و پیاوچاكاندا كۆمان بكاتەوە،شەرەفی بینینی خۆیمان پیٚ ببەخشیٚ و لەو كەسانە بین كە ئاوی كەوسەر بەدەستی رسول الله (صلى الله عليه وسلم) ئەخۆنەوە.

لە دوعای خێر بیٚ بەشمان مەكەن

ئەندازیار باوكی ئاسیا

( ٣٠/١/ ٢٠١٥)

كەلار